
گۆران: هەر وەزیرێک لە حکومەت نەکشێتەوە پێیوەندی ڕاگەیاندنی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە نامێنێت



بزوتنەوەی گۆران ئەمڕۆ یەکشەممە لە ڕاگەیەندراوێکدا بڕیاری کشانەوەمان لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی خۆجێی، بەپێرەوەهاتنی هاوپەیشتمانیان و گۆڕانخوازان، دەرخەری ڕاستی و دروستی ئەم هەڵوێستەیە کە خەڵک دەیەوێت و خەڵکیش خاوەندارێتی دەکات.

هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکە هاتووە، بە پێزانینەوە لە هەڵوێستی جێگری سەرۆکی هەرێم و وەزیرەکان و پارێزگاری سلێمانی دەڵێین کە لە کۆی شەش پێستی سیاسی، پێنجیان پابەندیان بە بڕیاری سیاسی بزوتنەوەی گۆڕانەوە دەربڕیوە، لەوانە جێگری سەرۆکی هەرێم، وەزیری دارایی و ئابووری، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزیری پیشەسازی و بازرگانی و پارێزگاری سلێمانی.

بزوتنەوەی گۆران لە کۆتاییدا ڕایگەیاند، هەر وەزیرێک، بەهەر بیانوو و پاساوێک، بڕیاری کشانەوە لە پێستی وەزاری نەدات، پێیوەندی ڕاگەیاندنی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە نامێنێت.

شایەنی ئاماژەیە، گرنگترین پشکێنانی بزووتنەوەی گۆران لە کابینەی نێیەمی حکومەتی هەرێم ئەمانەن: وەزیری دارایی و ئابووری کە ئاوات شێخ جەناب لەو پێستەیە، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە کۆستان محەممەد لەو پێستەیە، وەزیری بازرگانی و پیشەسازی کە کەمال موسلیم لەو پێستەیە، هەروەها

وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن کە دانا عەبدولکەریم لەو پێستەیە کە (بەیاری داوە نەکشتەوە)، لەگەڵ پێستی جگری سەرکی هەرەمی کوردستان کە موستەفا سەید قادر لەو پێستەیە لە بزووتنەوەی گەلان.

کشانەوەی بزووتنەوەی گەلان لە حکومەتی هەرەمی کوردستان، دوای نزیکبوونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان دێت کە بەیارە لە ڕۆژی 20ـی ئەم مانگە بەڕێوەبچێت و بزووتنەوەکە داوای لێبوردنی لە هەڵکانی کرد و دەڵێت: "دەگەڵیننەوە سەر ڕێچکەی نەوشیروان مستەفا و بەرەی خەڵک".